گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سروشتی زمان لە بواری یاساییدا ـ زمانی کوردی بە نموونە

**شادان شوکر سابیر**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە, کوردستان، عێڕاق
shadan.shukr@koyauniversity.org

**پ.ی.د. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە, کوردستان، عێراق
rozhan.noori@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:٢٠٢٢/١٢/٣١**
**پەسەندکردن:٢٠٢٣/١/٢٤**
**بڵاوکردنەوە:زستانی٢٠٢٣**

**وشە سەرەکییەکان**

*The relationship between language and law, Concepts and definitions of legal linguistics, Kurdish Language in the field of law, The nature of Forensic language, Characteristics of legal language*

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ناساندنی سروشتی زمانی لە بواری یاساییدا داوە، بۆ ئەم مەبەستەش زمانی کوردی بە نمونە هێناوەتەوەو بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ورد و زانستی میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە .

زمانی یاسایی بەوە جیادەکرێتەوە، کە سروشتێکی تایبەتی هەیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ئەو سروست و تایبەتمەندیانە بخاتەڕو، چونکە زمان بەکارهێنانی تایبەتی لە بوارە جیاوازە زانستی و ئەکادیمییەکاندا هەیە، وەك زمانی یاسایی کە زمانێکی پسپۆڕیی و تایبەتمەندە، بە زاراوە و واتا وردەکانی جیادەکرێتەوە. هەروەها دەیەوێت دەرببخات، کە یاسادانەر لەکاتی دانانی یاساکاندا، تا چ ڕاددەیەک ڕەچاوی و ڕێسا زمانەوانییەکان دەکات، چونکە تواناى هەڵێنجان و تێگەیشتن لە دەقە یاساییەکاندا لەژێر کۆنترۆڵی یاسا و ڕێسا

زمانەوانییەکان دایە .
گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە: زمانی یاسایی زمانێکی ورد و دەستنیشانکەرە و سروشتی پێوانەیی و بەدەستهێنانی هەیە. هەروەها بۆ ئەوەی مافەکان بچەسپێن و ئەرکەکان جێبەجێ بکرێن، پێویستە لەسەر یاسادانەر، یان هەر کەسێک، کەمامەڵە لەگەڵ دەقی یاسایی دەکات، ڕەچاوی ڕێساکانی زمان بکات و گرنگی پێ بدات، چونکە دەقی یاسایی دارشتەیەکە، ئەگەر بە باشی دابرژێت و ڕەچاوی ڕێزمان و یاساکانی زمانی تێدا بکرێت ئامانجەکەی دەپێکێت. لەبەرئەوەی زمان ڕێکخەر و جێبەجێکاری دەقە یاساییەکانە و هەر لە ڕێگەی ئەمیشەوە بونیاد دەنرێت، زمانەوانیی یاساییش, کە لە پەیوەندی نێوان زمان و یاسا دەکۆڵێتەوە، چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە پرۆسە یاساییەکاندا تاوتوێ دەکات.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.8.5.8

## 1. پێشەکی:

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (سروشتی زمان لە بواری یاساییدا ـ زمانی کوردی بە نمونە)یە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا هیچ سەرچاوەیەکی سەربەخۆ باسی ئەم بابەتەی نەکردووە، بۆیە بە پێوستمان زانی توێژینەوەکەمان تایبەت بکەین بەم بابەتە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوە بکەین. توێژینەوەکە پەیرەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کردووە. بە شێکی زۆری کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە وشە و زاراوە و ڕستە و پرۆژە یاسا و ڕێنمایی و بڕیارەکی بواری یاسا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

ـ مەبەست لە زمانی یاسایی چییە؟ ئایا زمانی کوردی لەباری دایە لە بوار و پیشە پسپۆرییە زانستییەکاندا (وەك پسپۆڕی یاسایی) وەك زمانێکی تەکنیکی و زانستی بەکاربێت؟

ـ ئایا مەرجە بۆ یاسادانەر یان کەسێک, کە مامەڵە لەگەڵ دەقە یاساییەکاندا دەکات، گرنگی بە ڕێساکانی زمانی کوردی بدات؟

ـ سروشت و تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی چین؟

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم، پەیوەندیی نێوان زمان و یاسا، چەمك و پێناسەی زمانەوانیی یاسایی، ئایا مەرجە بۆ یاسادانەر یان کەسێک، کە مامەڵە لەگەڵ دەقە یاساییەکاندا دەکات، گرنگی بە ڕێساکانی زمان بدات؟ و زمانی یاسایی خراوەتەڕو. بەشی دووەم، بۆ سروشت و تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی تەرخانکراوە. لە کۆتاییشدا ئەو دەرئەنجامانەی کە بە دەستهاتون و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## 1ـ بەشی یەکەم: زمانەوانیی یاسایی

### 1.1: پەیوەندیی نێوان زمان و یاسا:

پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چەمکە ئەبستراکتییە، زمان لە لایەک و یاسا لە لایەکی دیکە کلیلی تێگەیشتنە, کە چۆن زمانناسان دەتوانن بەشداری لە مەکۆی یاسادا بکەن. نەک هەر بۆ چوارچێوەی داڕشتنی یاسا، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە یاساش پێویستمان بە زمانە. ((یاسا و زمان لەیەک جیا ناکرێنەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕەنگە سروشتی بووبێت, کە لەگەڵ پەرەسەندنی زمانەوانی بە درێژایی ڕەوتی سەدەی بیستەم، زمانناسان زیاتر گرنگی بە پەیوەندی نێوان ئەو دوانە بدەن، بە تایبەتی: زمانی یاسا، بەکارهێنانی زمان لەناو یاسادا، و زمان لە سیستەمی دادگادا)), (Alan & ) . Leung, 2016: 19

هەرچەندە هەموو زانستێك لە ڕوی بابەت و ڕێبازەوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لە بابەتە مەعریفییەکان و بواری زاراوە و چەمکەکان و سەرچاوەکانیان، چەند شتێکی هاوبەش هەیە، زانستەکان لە ناوەڕۆك و کارکردندا، دەچنە ناویەك و ئەرکی هاوبەشیان هەیە و ڕۆڵەکانیان دابەش دەبێت، واتە: پەیوەندی ئاڵوگۆڕی و ناوخۆیی هەیە، کە تەواوی زانستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە،

لەم بارەیەوە، ئیبن حازم دەڵێت: ((بێگومان هەموو زانستەکان, هەندێکیان پەیوەستن بە هەندێکیانەوە، هەندێکیان پێویستیان بە هەندێکیانە)), (عباس، 1983: 85). کۆڕێ (Correa) دەڵێت: ڕوبەرە هاوبەشەکانی نێوان زمان و یاسا بریتین لە:

1ـ زمان کەناڵی نێوان (یاسا و تاوانبار و شایەتەکان)ە Languge and Medium

2ـ زمانی دەقە یاساییەکان Languge of Law

3ـ تاوانەکانی زمان Crimes of Languge, (Correa, 2013: 8) تاوانەکانی زمان ئەو تاوانانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە ئەنجامدەدرێت، توندوتیژیی جەستەیی تێدا نییە، چەندین جۆری تاوانی زمانی هەن، وەك: ناوزڕاندن، جنێودان، هەڕەشە و شایەتیدانی بەدرۆ، ...هتد. ئەمانە کە بە زمان ئەنجام دەدرێن، هەندێکجار کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، بە دور نییە بگۆڕێت بۆ بەریەککەوتن و زامدارکردن و توندوتیژی جەستەیی .

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە بیری ئەبستمۆلۆجی لەسەر پرەنسیپی تەواوکاریی و چونە ناویەکی زانستەکان دامەزراوە. چونە ناویەک بریتییە لە یاسای زانستەکان، چوارچێوەی یەکانگیرە بۆ میتۆدی زانستی، یەکێک لەو توێژەرە هاوچەرخەکان, کە دان بەو چونە ناویەکی لەنێوان زانستەکاندا دەنێت ، توێژەر (تەها عەبدولڕەحمانە) دەڵێت: ((ئێمە باوەڕمان بە چونە ناویەک و تەواوکاری نێوان زانستەکان هەیە)), (طه، 1993: 76). بواری یاساییش دورنییە، لەم تێکەڵبوون و چونە ناویەکییەی نێوان زانست و زانیارییەکان، کە پێویستی بە هاتنەکایەوەی خوێندن و توێژینەوەی هاوبەش لە بواری یاسا و زمانەوانیدا هەیە، جگە لەوەی کە هەردوکیان دیاردەی کۆمەڵایەتین و پێکەوە گەشە دەکەن و هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان هەیە. زمان بۆ هەموو زانستەکان گشتییە و ئەوانەی کە ئاشنا نین بە زمان بە زانستیش ئاشنا نین، زمان گوێزەرەوەی بیرۆکە یاساییاکەنە لە هزرێکەوە بۆ هزرێکی دیکە، زمان ئامرازی دەربڕینی بیرۆکەکانە. بەگوێرەی ئەوەی کە یاسا کۆمەڵە ڕێسایەکی دانراوی پابەندکەرە, کە ڕەفتاری تاکەکان ڕێکدەخات،

بە زمان دادەڕێژرێت و تاکەکانی کۆمەڵگە بە زمانی خۆیان دەدوێنێت، دواندنێکی زمانەوانی، بۆیە بۆ تێگەیشتنی پێویستیمان بە قوڵبونەوە لە زمان هەیە.

یەکێك لە نیشانە باوەکانی ئاوێتەبونی (زمان و یاسا) کۆدە، چونکە ناوکۆی دەقی زمانەوانیی و یاسایی (گوتراو یان نوسراو) بێت، جگە لە کۆد چی تر نییە، و چەمکی (کۆد) پردی پەیوەندی نێوان ئەو دوو زانستەیە، واتە ڕایەڵی یاساش وەك زمان بریتییە لەکۆد، بەڵام کۆدە یاساییەکان پتر دروستکراون و بەکارهێنانێکی تایبەتییان هەیە بۆ بابەتێکی تایبەت ئەویش یاسایە. کۆدە دروستکراوەکان هەڵگری واتای ڕەفتار و دیاریکردنی ڕەفتارەکانی کۆمەڵگەن و یاسادانەران لەکاتی دانانی یاسادا هەوڵدەدەن واتایەکی زیاتر تەکنیکیان پێ بدەن و بیانکەنە کۆدی یاسایی دەقە یاساییەکانی زمانی یاسایی.

## 2.1: چەمك و پێناسەی زمانەوانیی یاسایی:

زمانەوانیی یاسایی(Forensic Linguistics) ، دەستەواژەیەکی لێکدراوە پێکدێت لە هاوەڵناوی (Forensic)و ناوی(Linguistics) ، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (علم اللغة الجنائي/ علم اللغة القضائي) لە زمانی کوردیش دەتوانین بڵێین: (زمانەوانیی یاسایی)، جگە لە زمانەوانیی یاساییش چەند زاراوەیەکی تری وەك: (زمانەوانیی دادوەری، زانستی زمانی دادوەری، زمانەوانیی پزیشکی دادوەری، زمانەوانیی دادگایی و زمانەوانیی ماف), بۆ ئەم چەمکە دەگونجێت.

زمانەوانیی یاسایی چییە؟ زمانەوانیی یاسایی ((بریتییە لە بەکارهێنانی زانستی زمان بۆ پرسە یاساییەکان)) (Coulthard and Johnson, 2010: 15) ئەوە خاڵی دەستپێکە، بەڵام ئەم وەڵامە, وەک هەندێك وەڵامەکانی تر ناتەواوە و تەنها خزمەت بە هاندانی پرسیاری زیاتر دەکات. بۆ نمونە "بەکارهێنانی زانستی زمان" واتای چییە؟ ((بەکارهێنانی زانستی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی زانیاریی زمانەوانی بۆ شوێنێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، ئەویش مەکۆی یاساییە، کە وشەی یاسایی لێیەوە وەرگیراوە))، (Heydon,2014:7)بە مانا فراوانەکەی ڕەنگە بڵێین، کە زمانەوانیی یاسایی ڕوکارە لەنێوان زمان، تاوان و یاسا، چونکە ئەم زانستە تێکەڵاوی و ڕوبەرە هاوبەشەکانی نێوان زمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و یاسا دەخاتەڕو. وەك جێبەجێکردنی یاسا، بابەتە دادوەرییەکان، یاسادانان، ناکۆکییەکان, پێشێلیکردنی یاسا، بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەندێک پێشێلکردنی یاسا, بەدوای چارەسەرێکی یاساییدا دەگەڕێت. بە لەبەرچاوگرتنی ناوەندییەتی بەکارهێنانی زمان بۆ ژیان بەگشتی و یاسا بە تایبەتی، کەواتە دەتوانین بڵێین: زمانەوانیی یاسایی، بریتییە لە بەکارهێنانی زانیاری زمانەوانی، شێواز و تێڕوانینەکان بۆ چوارچێوەی یاسایی یاسا، لێکۆڵینەوە لە تاوان، دادگاییکردن و ڕێکاری دادوەری.

زمانەوانیی یاسایی بەو پێیەی شیکردنەوە لە ڕێگەی زمانەوە بە یاسا دەبەخشێت, واتە زانستێکە لەنێوان هەردوو بواری زمانەوانی ویاسادا نێوەندگیرە, زمانەوانی لە ڕێگەی میتۆد و تیۆرە زمانییەکانەوە لایەنە ئاڵۆز و ناڕونەکانی بواری دادگا و یاسا ڕوندەکاتەوە، چونکە زمانەوانی زانستێکی فرەڕەهەندە لێرەدا دەتوانرێت بوترێت زمانەوانیی یاسایی بە یەکێك لەو زانستە تەواوکاریانە دادەنرێت، کە بە نەبونی پرسیار و بەڵگەی بەجێماو دروستدەکات. لەبەرئەوەی هیچ زانستێك بە تەنیا ناتوانێت بە تەواوی خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر کەڵك لە لێکدانەوە زانستییە پەیوەندیدارەکان وەرنەگرێت .

زمانەوانیی یاسایی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە زمانەوانییەکانی بواری یاسا دەدات، واتە خۆی بۆ کەیسە یاساییەکان و بارودۆخە تایبەتەکانی ناو کردەیاساییەکانی وەك: کەتن، سەرپێچی و تاوان تەرخان دەکات.

گیبۆنس دەڵێت: ((زمانەوانیی یاسایی، لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان و بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکان و بەجێهێنانی مافی خەڵك، لە لێکۆڵینەوەی دۆسیەکانی دادوەری و لێپرسنەوە لە تاوانباران لە بنکەی پۆلیس و ژینگەی زیندان سودی لێوەردەگیرێت))، (Gibbons, 2003: 15). لە سیستەمی یاساییدا، زمانەوانیی دادوەری تەکنیک و زانیاری زمانەوانی بەکاردەهێنێت بۆ زمانێک، کە بەشدارە لە ناکۆکییە تایبەتەکانی ڕێوشوێنی یاسایی و کەیسەکان. هەموو دەقێکی گوتراو یان نوسراو، وەك: نامەی خۆکوژی، وەسیەتنامە، نامەی هەڕەشە، گرێبیستی کڕین و فرۆشتن، سکاڵانامە، ...هتد. بە دەقی یاسایی دادەنرێت, ئەمانەش لەڕێگەی (فۆنۆلۆژی، واتا، پراگماتیك، شیکردنەوەی

دەق، شێوازگەری و ... هتد) شیدەکرێنەوە و دەبن بە بەشێك لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی یاسایی و بۆ گەیشتن بە لایەنی ڕاستی تاوانەکە.

زمانەوانیی یاسایی، لەو زانیاری و داتا زمانەوانییانە دەکۆڵێتەوە و شیاندەکاتەوە، کە لەگەڵ ڕودانی تاوانەکە دێن، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی تۆمەتبار، وەك (جیراڵد) دەڵێت: زمانەوانیی یاسایی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی زمانە, بۆ مەبەست و دەوروبەری دادوەری بەکاردێت .(McMenamim, 2002: 3)

لەم پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی کە زمانەوانیی یاسایی، زانستێکە لێکۆڵینەوە لەو دەقە گوتراو و نوسراوانە دەکات، کە پەیوەندییان بە زانستی یاسا و تاوان و کێشە یاساییەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی کەسانی ئاسای و پسپۆڕەکانی ئەم بوارە لێی تێبگەن, واتە بەکارهێنانی زمانەوانییە بۆ پرسە یاساییەکان.

## 3.1: ئایا مەرجە بۆ یاسادانەر یان کەسێک، کە مامەڵە لەگەڵ دەقە یاساییەکاندا دەکات، گرنگی بە ڕێساکانی زمان بدات؟

زانستی زمان یەکێکە لە زانستە بنەڕەتییەکان، کە پێویستە بۆ سەرکەوتنی کەسی یاساناس لە کارەکەیدا، زمان نیوەی کاری یاسایە و جێبەجێکردنی یاسا بەدی نایەت تەنیا بە دەقە ڕون و وردەکان نەبێت، دوای گرنگی دان بە داڕشتنی دەقە یاساییەکان، کە بە بنەڕەتی ڕێسا یاساییەکان دادەنرێت، کە ژیانی بەبەردا دەکات و دەیهێنێتە بوون

، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زانستی یاسا و زانستی زماندا هەیە، گۆڕینی دەنگێك، یان لە ڕێنوسدا پیتێك، هەندێکجار بڕیاری دادگا دەگۆڕێت لە حەقەوە بۆ ناحەق، ((بۆ نمونە لە زمانی عەرەبیدا، جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کەسێک بڵێت: أنا قاتل غلامَك، هەروەها کەسێک بڵێت: أنا قاتل غلامِك، یەکەمیان تاوانی نەکردووە، بۆیە لێپرسینەوەی لێ ناکرێت، بەڵام دووەم تاوانی کردووە و لێپرسینەوەی لێ دەکرێت و دەگیرێت))، (مروش, 2019: 167).

واتاسازی بەو پردە دادەنرێت، کە زمان و یاسا تێیدا پێکدەگەن، چونکە مەودای حوکمەکە پشت دەبەستێت بە واتای گوفتار و کردارەکان، چونکە واتاسازی پشت بە وشە و ڕستە و سیاقەکان دەبەستێت، بۆیە بێگومان زانستە یاساییەکانیش پشتی پێدەبستن، لەگەڵ کاریگەری واتای هەڵوێست و ڕوداو و پەیوەندی و کردارەکان، بۆیە (ڕایس) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە شیکردنەوەی دەقەکان لەژێر ڕۆشنایی پەیوەندیی نێوان شێوە و نێوەڕۆک بکرێت، بە پشتبەستن واتاسازی و ڕستە و و شێوازی دەربڕین.(Katharina, 2003: 49)

پەیوەستی زمان لەگەڵ یاسا پەیوەستییەکی سروشتییە، چونکە زمان بۆ هەموو کارێک بە مەبەستی دەربڕینی بیرۆکە پێویستە، یاسادانەر پێویستی بە زمان هەیە بۆ داڕشتنی یاساکان، داواکاری گشتی پێویستی پێی هەیە بۆ گفتوگۆ و نوسینی بڕیارەکان، و دادوەریش پێویستی پێی هەیە بۆ نوسینی حوکم و بڕیارەکان، (مرسی, 1989: 10). واتە یاساناسێک ناتوانێت هیچ کارێکی یاسایی بکات، مەگەر ئاشنا بێت بە یاساو ڕێساکانی زمانەکەی و ناسینی وشەکانی، پابەند بێت بەو زاراوانەی کە زمانەکەی لە بەکارهێنانی ئاسایی دەری کردون، ڕەنگە پێویستیی یاساناس بە زمان زیاتر بێت، ئەگەر یاسادانەر بێت، کە وشە یان ڕستەکە لە واتادا دابنێت و بەنیاز بێت لەگەڵ مەبەستی خۆی ڕێک بێتەوە، ئەگەر دادوەرێک بێت، دەبێت لە واتای ئەو وشەیە یان ڕستەیەی کە یاسادانەر دایدەنێت، وەک خۆی و بەنیازی خۆی تێبگات و بڕیار بدات بە هۆکاری تێگەیشتن لە دوو لایەنی کێشەکە، ((چونکە ئاشنایە بە بنچینەکانی زمان، بۆ ئەوەی لە بەڵگەکانی دژەکان (لایەنەکان) و بەرگریان تێبگات و هەروەها زمان یارمەتی دەدات، کە لەسەر نهێنیەکانی هەر وشەیەک بوەستێت، کە دژەکان لەکاتی موناقەشەدا بەکاریدەهێنن و بەڵگەی پێ دێننەوە، ئەوەی دەینوسن لە یاداشتەکانیاندا، کە پێشکەشی دادوەرییان کردووە))، (ئەرسەلان, 2016: 21). هەروەها پابەندبون بە ڕێساکانی ڕێنوس و خاڵبەندی کارێکی گرنگە، چونکە چۆنیەتی نوسینی زۆرجار واتا دەگۆڕێت. بۆ نمونە:

1 ـ پیاوێك خۆی و خێزانەکەی دەکوژێ .

2ـ پیاوێك خۆی و خێزانەکەی کوشت .

ڕستەی (1) هەڵەیە، چونکە کارەکە لە ڕابردو ڕویداوە ناکرێ بکرێتە ڕانەبردو. ڕستەی (2) ڕاستە.

هەروەها دانانی هێماکانی خاڵبەندی لە شوێنی دروست لە ناو دەقی یاساییدا، بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی یارمەتی دەرە و گرنگە، هەروەك هەندێکجار خاڵبەندی دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، ((چونکە ڕێنوس و خاڵبەندی جگە لەوەی جوانی بە نوسین دەبەخشێت، واتا و مەبەستیش دەگۆڕێت))، (شابان، 2019: 76). بۆ نمونە:

أ- بڕیار ئازادکرا.

ب - بڕیار, ئازادکرا.

ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین بونی ئەو وێرگوڵە (،) واتای ڕستەکەی گۆڕی، ڕستەی (أ) کەسێك ناوی (بڕیارە) ئازاد کراوە. ڕستەی (ب)، (بڕیار) واتە بە فەرمانی دادگا کەسەکە بێتاوان دەرچووە و ئازاد کراوە، شەرت نییە ئەو کەسە ناوی بڕیار بێت دەکرێ ناوی: ئازاد، دارا، چرا، چۆپی، ... هتد بێت.

### 4.1: مەبەست لە زمانی یاسایی چییە؟

زمانی یاسایی زمانی پسپۆڕییە، یان زمانی تایبەتییە، کە بە زاراوە و واتا وردەکانی جیادەکرێتەوە، پەیوەندی نێوان زمان و یاسا بەگشتی تا سەردەمی سەرهەڵدانی کۆزمانەوانی و دەرنەکەوتنی پەیوەندی نێوان زمان و زانستەکانی تر و کۆی کایە کۆمەڵایەتییەکان، هەر یەك لە زمان و یاسا وەك دوو بواری جیاواز لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە، بەڵام دوای سەرهەڵدان و پێناسەکردنی چەمکی زمانی یاسایی ئێستا هەردوکیان وەك دوو دیاردەی پەیوەست بەیەکتری سەیردەکرێن و شیکردنەوەیان لەبارەوە دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە زمانی یاسا: ((چەپکە نیشانەیەکی دەربەڕیوی لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوییانەی سەرەتاکانی دروستبونی مرۆڤەکانن و هاندەرن بۆ داڕشتنی دەقی یاسایی وەك ئامرازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پۆلکردنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان))، (Goodrich, 1984: 2). وردبونەوە لە پێناسەکە وشیکردنەوەی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت زمانی

یاسایی هاوشانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و سەرهەڵدانی ڕێکخستنی ژیان و کایە جیاوازەکان سەریهەڵداوە، چونکە خودی یاسا ئامرازی ڕێکخستنی کۆمەڵە، ((هەر بۆیە دەبێت زمانی دەقی یاسایی خزمەتی ئامانجی باڵای یاسا بکات، کە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ وکۆمەڵگایە))، (قادر، 2021: 85). زمانی یاسایی ئەو زمانەیە, کە یاسادانەر ڕێسا یاساییەکانی پێ دادەڕێژێت، فەرمانە دادوەرییەکانی پێ دەردەچێت و ڕێساکانی پێ لێکدەدرێتەوە، لەناو دامەزراوەیەکی دادەوەریدا بەکاردەهێنرێت، (کورنی) بەم جۆرە پێناسەی کردووە: ((بریتییە لە زمانێکی پسپۆڕی لە ناو زمانێکی هاوبەشدا)) و دابەشی کردووە بۆ: (زمانی یاسادانان و زمانی دادوەری و زمانی گرێبەست (عەقد) و ڕێککەوتنەکان و زمانی دابونەریت (عورف) و باو)) (Cornu, 2005: 11).

زمانی یاسایی زمانێکی سەربەخۆ نییە و لە زمانی گشتی هاوبەش دابڕاو نییە، بەڵکو زمانی پێشکەوتنی زانیارییەکانە لە بواری یاساییدا، هەر وەکو زمانە پسپۆڕییەکانی بوارەکانی دیکە، ئەم زمانە، لە چەند توخمێک پێکدێت، کە هەموو کەس تێیدەگات، و چەند توخمێک, کە تەنها کۆمەڵێکی دیاریکراو لێی تێدەگەن، زمانی یاسایی زمانێکی زانیاری و زانستییە لە هەمان کاتدا، دواندنێکی هەیە, کە باس لە چەمکەکانی دەکات، سنورە جیاکەرەوەکەی دیاریدەکات لەگەڵ تەواوی لقەکانی تری زانست. یاسا (کۆدرێژکراوە) هەر بە هەمان ئەو شێوەیەی زمان بریتییە لە کۆد، بەڵام گەیاندنی دەبێت لە ڕێگەی کۆدی تایبەت و گشتی زمانەوە بێت ئەمەش بەو واتایە دێت، کە زمانی یاسا دوو چەشن (هێما)ی بۆ بەکاردێت، یەکەمیان هێمای یاساییە، کە خۆی لە بیری یاسا و دەقە یاساییەکاندا دەبینێتەوە. دوهەمیشیان بریتییە لە ئەو کۆدە زمانییەی، کە توانای هەڵگرتن و بە جفرەکردنی یاسا و دەقە یاساییەکانیان هەیە، ئەم هۆکارە بەشێکە لە گرفتی ئاڵۆزبونی زمانی یاساو وا دەکات, کە زمانیی (یاسایی و دادوەری) لێتێگەیشتن و بەکارهێنانی لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە گرانێت (مەحمود، 2015: 327). خەڵکی ئاسایی لەوانەیە بەشێوەیەکی ڕوکەش لێیان تێبگات, بەڵام ئەوە تایبەتمەندی زانستی زمانی یاسایە، دەتوانێت یاسا کۆدرێژکراوەکان، کە لە نێوەندی بیرو کۆدەکاندان لێکبدەنەوە. (شوی) دەڵێت: ئەگەر زمان نەبێت، ئەوا یاسا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زمانی یاسا تەواو جیاوازە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە (Shuy, 1993: 93), بۆیە ئەگەر زمان جارێك ئاڵۆز بێت و پێوستی بە شیکردنەوە هەبێت، ئەوا زمانی یاسا دوجار پێوستی بە شیکردنەوە هەیە، یەکەم،

پێویستی بە شیکردنەیەکی زمانەوانی و دوەمیش پێویستی بە شیکردنەوەی یاسایانە هەیە، تاوەکو بتواندرێت دروست بخوێندرێتەوە و لێیان تێبگەین.

کەواتە بەم شێوەیە دەکرێ پێناسەی زمانی یاسایی بکەین، کە بریتییە لە زمانێکی تایبەتمەند، کە لە یاساوە وەرگیراوە وەک زانستێکی تیۆری و وەک چالاکیەکی کارپێکراو، بڕگە یاساییەکان و پێشهاتە یاساییەکان و پەیوەندییەکان و ناوەندە یاساییەکان بۆ زمانێکی دیاریکراوی تایبەت بەم زانستە دەگۆڕێت. زمانی یاسایی دەتوانێت ڕاستییەکان دەرببڕێت بە زمانێک، کە لەگەڵ ئیرادەدا بگونجێت، پاشان دەقەکان شی بکاتەوە بەشێوەیەک، کە لەگەڵ ئەم ئیرادەیە بگونجێت.

**2 .بەشی دووەم: سروشت و تایبەتمەندی زمانی یاسایی:**

زمانی یاسایی نەک هەر لە ڕوانگەی کولتوری و پەیوەندییەوە گرنگییەکی سەرەکی هەیە، بەو پێیەی کە ئامرازی گواستنەوەی بیرۆکەکانە, بەڵکو زمانی یاسا، زمانی حوکم و یاسادانانە، زمانی دانانی ئەرک و مافەکانە، هەروەها بەسودە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی یاسای یاسادانەر. ئەم پرسە چەند بابەتێکی گرنگ دەوروژێنێت، کە لەمانەی خوارەوەدا ڕەنگ دەداتەوە: سروشتی زمانی یاسایی چییە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟

**1.2: سروشتی زمانی یاسایی:**

زمانی یاسایی بە زمانێکی ورد و قورس دادەنرێت، ئەمەش هۆکاری زۆرە, کە هەندێکیان بۆ سروشتی یاسا دەگەڕێنەوە، هەندێکیشیان پەیوەستن بەو زمانەی کە بەکاریدەهێنێت. بەم پێیە زمانی یاسایی پەیوەستە بە سروشتێکی پێوانەیی و پابەندکەر و تەکنیکییەوە.

**1.1.2: زمانی یاسایی سروشتی پێوانەیی هەیە:**

یاسا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ژیان لەناو کۆمەڵگادا دەدات, ئەمەش بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان و بەدەستهێنانی مافەکان، یاسا ڕەوشتەکان و پێوەرەکان لەخۆدەگرێت, کە مرۆڤەکان بەدوایدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی هەندێک بنەما و چەمکی وەک یەکسانی، دادپەروەری، ئازادی و ماف،... هتد، لە ئەنجامدا ئەو زمانەی لە یاسادا بەکارهاتووە، یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە (محاسنة، 2015: 141).

**2.1.2: زمانی یاسایی سروشتی بەدەستهێنانی هەیە:**

سروشتی زمانی یاساییە، کە ئامانجی بەدەستهێنانی شتێکی دیاریکراوە، بۆ نمونە گرێبەستی فرۆشتن، کە لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا ئەنجامدەدرێت، کە چەند شتێکی لەسەر بنیات دەنرێت، لەوانە گواستنەوەی خاوەندارێتی شتەکە لە فرۆشیارەوە بۆ کڕیار بەرانبەر پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە لە گرێبەستەکەدا لەسەری ڕێککەوتون. (لوسرکل) دەڵێت زمانی یاسایی زمانێکی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕییە، کە سروشتی بەدەستهێنانی هەیە (جاك لوسرکل، 2005: 393) .کاتێک ئێمە قسەی پێدەکەین دەمانەوێت هەندێک شتی دیاریکراو ئەنجام بدەین و بەم شێوەیە ئەنجامی یاسایی بەدەستبهێنین، ئەگەر دادوەر ئەم ڕستەیە بڵێت: (دادگا سزای زیندانیکردن و پێبژاردنی بۆ دەرکرد.)، بەهۆی بەکارهێنانی وشەکانی (زیندانیکرن، پێبژاردن)، هزرمان بۆ ئەوە دەچێت، کە دوو کردە، لەم وتەیەدا هەیە، ئەوانیش کردەی جێبەجێکردنی زیندانیکردنی تۆمەتبار و کردەی پارەدانی لایەنێکی دیاریکراوە. کە لەبارەی کەسی سێیەمەوە دەدوێت، واتە: زمانی یاسا زمانی فەرمان دەرکردن و جێبەجێکردنە.

**3.1.2: زمانی یاسایی سروشتی تەکنیکی هەیە:** توێژەران لەسەر زانینی زمانی یاسا بە زمانێکی تەکنیکی ڕای جیاوازییان هەیە، هەندێکیان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە زمانی دایك دەیبینن، هەندێکی تریش وەک زمانێکی تەکنیکی دەیبینن و کۆمەڵێک بەڵگە و پاساو بۆ وتەکەیان دەهێننەوە، لەوانە:

(بێرنارد جاکسۆن) دەڵێت زمانی یاسایی زمانێکی تەکنیکییە و بۆ خوێنەری ئاسایی ئەستەمە لە مانا و لێکەوتەکانی تێبگات، چونکە زاراوەی ورد و ئاڵۆز بەکاردەهێنێت، هەروەها فەرهەنگی یاسایی و پێکهاتەکەی تایبەتمەندییەکی پێدەبەخشێت, کە دەیکاتە زمانێکی تەکنیکی سەربەخۆ و جیاواز لەوانی تر.(Shuy, 2001: 438)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2.2: تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی:

زمانی یاسایی خودی خۆی بریتییە لە موتوربەکردنی زمان و یاسا لە ناو یەکتریدا، واتە کاریگەرییەکی ئاڵوگۆڕی هەیە لە نێوان زمان و یاسادا. لەم چوارچێوەیەدا تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی باس دەکەین:

### 1.2.2: زمانی یاسایی زمانی تایبەتمەندییە (زمانی پسپۆڕییە):

زمانی یاسایی واتە دەقە یاساییەکان بە شێوەیەکی خۆکردانە خەڵک تێیناگەن، جگە لە یاساناسەکان. زمانی یاسایی بوونی سەربەخۆی هەیە، چونکە زۆربەی خەڵک لێی تێناگات. زاراوەکانی لە دەرەوەی بازنەی سروشتی چەمکە پەسەندکراوەکانی ناو زمانی زگماکن لە نێوان ئەندامانی هەمان کۆمەڵگەی زمانەوانی. زمانی یاسایی بوونی هەیە، لەبەرئەوەی یاسا واتای تایبەت و دیاریکراو دەدات بە هەندێك زاراوەی زمانەوانی و کۆی ئەم زاراوانەش ئەو فەرهەنگە یاساییە پێکدەهێنێت، کە لە زمانی یاسادا بەکاردەهێنرێت(Cornu, 2000: 87) ، بۆیە زمانێکە لەناو زماندا. فەرهەنگی یاسایی کۆمەڵێک وشەی زمانە، بەڵام ئەم زاراوانە واتای تایبەت بە خۆیان هەیە، کە تەنیا لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێن و بە واتا زمانەوانییەکەی خۆیان وەرناگیرێن.

### 2.2.2: بەشەکانی زمانی یاسایی:

ئەو زمانەی کە لە یاسادانان بەکاردێت، بە دەستور دەستپێدەکات و پاشان یاسای ئاسایی و پاشان ڕێسا و ڕێنماییەکان (بيومي، 2010: 195). ئەمانە بەم جۆرەی سەرەوە پلەبەند دەکرێن لەڕوی بەهای یاساییەوە، پلەی خوارتر بۆی نییە دژایەتی پلەی بەرزتر بکات.

### 3.2.2: پێناسەکردن:

یاسادانەر پەنا دەباتە بەر پێناسەکردنی ئەو زاراوانەی کە بەکاریاندەهێنێت بۆ ئەوەی گەرەنتی (لێکدانەوە و بەکارهێنان) بکات، دەقەکانی یاسادانان ئامرازگەلێکن, کە دادوەر و یاساناسەکان بەکاریاندەهێنن، و هەر کاتێک دەقەکە ناڕون بێت، بابەتی ئیجتیهادەکە لێکدانەوە و جێبەجێکردنی جیاواز هەڵدەگرێت, کە جیاوازە لەوەی کە یاسادانەر دەیهەوێت، بۆیە یاسادانەر ویست و ئیرادەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوندەکاتەوە تا بێ پێچ و پەنا بێت. ژمارەی زۆری پێناسەکان لە زمانی یاساداناندا دەتوانرێت بە دوو هۆکار ڕون بکرێتەوە:

یەکەم: کە پێناسەی زاراوەیەکی دیاریکراو لە نێوان زمانی یاسایی و زمانی ئاساییدا جیاوازە، بەو پێیەی لە زمانی ئاساییدا زۆر وشە بەکاردێت بۆ نیشاندانی واتای جیاواز لەوەی کە, ئەگەر هەمان وشە لە زمانی یاساییدا بەکارهاتبێت. نمونەی ئەمەش، وەکو دەستەواژەی گوازراوە (جوڵاو) (المنقول)، لە زمانی ئاساییدا ئەوەیە, کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە، بەڵام لە یاسادا پارە و سامانە.

دووەم: واتای خودی زاراوەکە لە زمانی یاساییدا بەپێی ئەو چوارچێوەیەی کە تیایدا بەکاردێت دەگۆڕێت، بۆ نمونە دەربڕینی "الاستحقاق" چەند واتایەکی یاسایی هەیە، لەوانە بەرواری کۆتاییهێنان، یان بە واتای مافی موڵکدارێتی (شایستەیی) شتێکی دیاریکراو دێت، توێژەر دەبێت دیاری بکات, کە یاسادانەر کام مانای دەوێت، بە گوێرەی سیاقە گشتییەکە(Oisson, 2008: 43).

**4.2.2: زۆری بەکارهێنانی کاری ڕانەبردو لە زمانی یاساییدا:**

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, کە کاری ڕانەبردو بۆ ئێستا و داهاتوو بەکاردێت و دەگونجێت لەگەڵ گشتیبوون و پەتیبوونی زمانی یاسایی. بۆ نمونە: لە پەیڕەوی ژمارە (14)ی ساڵی 2022 ماددەی (5/ پێنجەم)ی پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق هاتووە :

ـ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و توێژینەوە: فەرمانبەرێك بە پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات، کە لانیکەم دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرای زانکۆ بێت، کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بریتییە سەرپەرشتیکردن و ڕێنوێنیکردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە لە چوارچێوەی پلانەکانی ئەنجومەن و بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە حکومی و ناحوکمییەکان و زانکۆکان بە مەبەستی داڕشتنی سیاسەت و بەهێزکردنی پرۆگرامەکانی وەڵامدانەوە ئەنجام دەدرێت (وەقایعی کوردستان، 22/ 7/ 2022: ژمارە 285).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 5.2.2: ئارەزوی دوبارەکردنەوەی دەربڕاوەکان:

کەسانی یاسایی ئارەزوی ئەم شێوازە دەربڕینە دەکەن، ئەمەش لەوانەیە لەبەر چەند هۆکارێك بێت، بۆ نمونە هەر یاسایەك چەندین مادده و برگە لەخۆدەگرێت، کە دەشێت تیایدا جیاکردنەوەی قەدەغەکراو قەدەغە نەکراوەکان، دیاریکردنی جۆری کەتنێك، دەسنیشانکردنی جۆری ئەو سزایەی ئەو تاوانە دەگرێتەوە، ...هتد. ئاڵۆزی دروستبکات، بۆیە بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانە کەسانی یاسایی پەنا دەبەنە بەر درێژدادڕی و دوبارەکردنەوەی دەربڕاوەکان، ئەمەش زۆرجار دەچێتە ڕادەیەکی ناپێویستەوە (ڕەئوف، 2021: 33).

### 6.2.2: بەکارهێنانی دەربڕینی ئەرێنی یان نەرێنی:

دەربڕینی ئەرێنی بە واتای گەیشتن بە مەبەستی یاسادانەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە کاتێکدا لە دەربڕینی نەرێنیدا بە تێگەیشتنی پێچەوانە (مفهوم المخالفة ـ چەمکی پێشێلکاری) پێی دەگەین، دەربڕینی نەرێنی زۆرجار شێوەی نەرێنی وەک "نا, نەخێر" بەکاردەهێنێت. شایانی باسە دەربڕینی ئەرێنی باشتر و ڕونترە (الشيخلي، 2014: 311). لەکاتی بەکارهێنانی نەرێکردن دەبێت یەك فۆرمی نەرێکردن بەکاربهێنرێت، و بەکارهێنانی زیاتر لە نەرێیەك پشێوی لە پەیپێبردندا دروستدەکات، وەك:

ـ تۆ شیلانت نەکوشت؟

ـ نەخێر من ئەوم نەکوشت.

بەدوای یەکداهاتنی دوو نەرێ واتایەکی تر دەگرێتە خۆ، کە ئینکاریکردن و ڕەتکردنەوەیە، من ئەوم نەکوشتووە وا نییە.

یان واتە من شیلانم نەکوشتووە، بەڵام کردەی کوشتنم ئەنجامداوە، کە کەسێکی ترە).

**7.2.2: بەکارهێنانی ڕێژەی نێرینە (المذکر) بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ:**

شتێکی باو نییە، کە لە دەقە جیاوازەکاندا ئاماژە بە نێر و مێ بکرێت، بە جۆرێک دەقەکە بەبێ گوێدانە ڕەگەز ئاماژە بە سیفاتێک دەکات. یاساکە دەربڕینەکانی وەک: فرۆشیار، کڕیار، هاوبەش، قەرزدەر، قەرزدار، ... هتد بەکاردەهێنێت، کە ئاماژە بە ژن و پیاو دەکات. سەرەڕای ئەمەش، ((یاسادانەر هەندێکجار زمانێکی قسەکردن تایبەت بە ژنان بەکاربهێنێت لە کاتێکدا بڕیارەکە تەنها بۆ ژنانە))، (Levi, 1994: 22). وەك لە پەیڕەوی ژمارە (14)ی ساڵی 2022 ماددەی (3)ی پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق هاتووە، ئامانجەکانی ئەنجومەن بریتیین لە مانەی خوارەوە:

یەکەم: بایەخدان بە پرسەکانی خانمان و دابینکردنی مافەکانیان لە ژێر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەو بوارە.

دووەم: گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسییانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی خانمان, (وەقایعی کوردستان، 22/ 7/ 2022: ژمارە 285).

**8.2.2: بەکارهێنانی دەربڕینی تایبەت بۆ ئاماژەدان بە سروشتی بنچینەی یاسایی:**

ئەگەر یاسادانەر دەربڕینەکانی وەک "دەبێت"، "پوچەڵ دەکاتەوە"، "ڕێگای پێنادرێت"، "مەرجە" بەکاربهێنێت، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بنچینە یاساییەکە ناچارییە و فەرمان دەکات. سەبارەت بە بەکارهێنانی دەربڕینەکانی وەک "دەکرێت"، "ئەگەر لەسەر غەیری ئەوە ڕێککەوتن نەبێ"، ئەوانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە بنچینە یاساییەکە تەواوکەرییە (Gibbons, 2003: 34).

**9.2.2: بەکارهێنانی ڕستەی مەرجدار:**

ڕستەی مەرجی لە ڕێگەی ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر، گەر، مەگەر، ئەگەرچی، ...هتد) دروست دەبێت، بەهۆی ئەم ئامرازانەوە ڕستەی سەرەکی بە ڕستەی شوێنکەوتی مەرجی دەبەستێتەوە، دەبێتە هۆی دروستبونی ڕستەی نسادە لە جۆری (ڕستەی ئاڵۆز). ڕستەیەکە، کە بەسەر دوو بەشدا دابەش

دەبێت، بەشی یەکەمیان پێی دەوترێت کرداری مەرجدار، بەشی دووەمیش پێی دەوترێت وەڵامی مەرجەکە، واتە ئەگەر مەرجێک یان خواستێکی دیاریکراو جێبەجێ بکرێت، ئەنجامێکی دیاریکراوی یاسایی لەسەر بنیات دەنرێت، وەکو: ماددەی دوازدەهەم, لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی (2008) دەڵێت: فەرمانبەری ڕاژەی زانکۆیی یا منداڵەکانی شایستەی موچەی خانەنشینی دەبن، کە یەکسان بێت بەوەی هاوەڵەکانی وەریدەگرن لە پوختەی موچە و دەرماڵەکانی ڕاژەی زانکۆیی لەکاتی خانەنشین کردنی لە یەکێك لەم حاڵەتانەی لای خوارەوە:

یەکەم: ئەگەر ئاڕاستەی خانەنشینی کرا, بە هۆکاری تەواوکردنی تەمەنی یاسایی و ڕاژەی زانکۆییەکەی لە (10) دە ساڵ کەمتر نەبێت .

دووەم: ئەگەر ئاڕاستەی خانەنشینی کرا, بە هۆکاری تەندروستی.

سێیەم: ئەگەر ئاڕاستەی خانەنشینی کرا,  لەسەر بنەمای داواکاری خۆی و ڕاژەی زانکۆیی لە (25) بیست وپێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

چوارەم: ئەگەر لە ڕاژەدا بوو و کۆچی دوایی کرد (یاسین، 2012: 23).

### 10.2.2: بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی (یان، و، بەڵام):

پێوستە لێکۆڵەری زمانی بزانێت هەریەك لەم مۆرفیمانە چ ڕۆڵێکیان هەیە، لە قسەکردندا، چونکە هەر کەرەستەیەکی زمانی بە تۆڕێکی پەیوەندی لە هزری مرۆڤ بەستراوەتەوە، بۆ نمونە (یان) مۆرفیمێکە دەروازەی (هەڵبژاردن و هاوتاییکردن) بەڕوتدا دەکاتەوە، وەك:

ـ یان پێبژاردنەکە (غرامەکە) بدە یان برۆ زیندان.

مۆرفیمی (و) بەردەوامی بوون و جۆرێك لە پەیوەندی مەنتیقی لە نێوان دەربڕینەکان دەردەبڕن، وەك:

ـ من بە چاوی خۆم دیتم، کە ئەو هات و دەمانچەکەی ڕاکێشا و هەڕەشەی دەکرد و جنێوی دەدا.

مۆرفیمی (بەڵام), گەڕانەوەیە بۆ قسەی پێشو، تا جەخت لەسەر خاڵێکی ئەرێنێ یان نەرێنی بکاتەوە، یان تەمومژی و لێڵی بخاتە سەر ئەو بابەتەی کەپێشتر باسی کردوە، وەك:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- براکەی لەگەڵ بوو، بەڵام براکەی هیچ قسەیەکی خراپی نەکرد. (گەڕانەوە بۆ سەر بەرکار (براکەی) و دورخستنەوەی لە بازنەی تاوانەکە).

**11.2.2: شاردنەوەی تاوان:**

شاردنەوەی تاوان بە بەکارهێنانی هەندێك وشە و مۆرفیی وەك: (ئەو، ئەو شتە، فڵان، فیسار، کەسێك، نەفەرێك، نیشانەی نەناسراوی (ێك) پیاوێك)، ئەمانە تەمومژی واتای دروست دەکەن، مرۆڤەکان تەمومژی واتای بەبێ مەبەست بەکاردەهێنن، بەڵام کاتێك بەمەبەست بەکاریانهێنا بۆ شاردنەوەی تاوانێك یان بابەتێکە.(Shuy, 2001: 19)

- فلان بە فیساری گوت، کە نەوزاد بکوژێت و سەیارەکە بڕفێنێت.

**12.2.2: مۆرفیمە پلەییەکان :**

قسەکەر کاتێك یەکێك لەو وشە پلەییانە هەڵدەبژێرێت. وەك: (هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار) مەبەستیەتی شتێکی ڕاست بڵێت، چونکە ئەم مۆرفیمانە لە وشەی تر ڕاستتر و زانیاری بەخشترن (Yule, 2000: 41).یان (نایاب، زۆرباش، باش، ناوەند، خراپ) ئەمانە زانیاری تایبەت دەدەن، بە زۆری زانیاری دەربارەی چەندێیەتی دەدەن، وەك: (هەندێکجار بەیەکەوە ئەم کارەمان کردووە.), کاتێك قسەکەر (هەندێکجار)ی هەڵبژاردوە، دەیەوێت بڵێت هەموجار و هەمیشە و زۆرجار نا، بەڵکو هەندێکجار بەیەکەوە کاری دزیان کردووە.

**13.2.2: بەکارهێنانی پرسیار و داڕشتەی پرسیاریی:**

دیارترین نیشانەی زمانەوانییانەی ئاخاوتنی یاسایی ڕەنگدانەوەی چۆنیەتی و چییەتی پرسیارکردنە، چ پرسیارکردن بێت بە وشەی پرس لە ڕستەی پرسیاردا, چ پرسیارکردن بێت لە دروستەی ڕستەی هەواڵیدا. دروستەی ڕستەی پرسیار بە یەکێك لە دروستە سینتاکسییە هەرە باوە بەکارهێنراوەکانی بواری دادوەری دادەنرێت، کە بەکاردێت لە بوارەکانی (کاتی ڕودانی ڕوداوێك و تەلەفۆنکردن بۆ پۆلیس، کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە تۆمەتبار و تاوانبار و شایەتەکان, بەڕێکردنی کاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارێزەرایەتی کاتێك موشتەرییەکانی دەچنە لای، پرسیار و وەڵامدانەوەکانی ناو هۆڵی دادگا لەکاتی بەڕێوەچونی دادوەریدا, چ لە نێوان دادوەر و تۆمەتبار و شایەتەکاندا بێت، چ لە نێوان پارێزەر و شایەت و تۆمەتبارەکاندا بێت). بێگومان دروستەی پرسیارکردن، کە لەم بوارانەدا بەکاردێت لە هەر بارێکدا مەبەستێکی دیاریکراوی پێ دەگەیەنرێت، ئەو پرسیارانەی لەمبارەدا دەکرێن زیاتر ئەو پرسیارانەن، کە بە هۆیانەوە زۆرترین زانیاری و ورترین زانیاری چنگ دەکەون بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی ڕوداوەکە (محەمەدئەمین، 2015: 29 ـ 30). زۆرجار پرسیارەکان دەبنە هۆی ئەوەی زوتر بە ئەنجام بگەن. بۆ نمونە:

1ـ نەتزانی، تاوانی کوشتن سزاکەی چییە؟ بۆیە کوشتت وانییە؟

2ـ تۆ (عەلی)ت کوشت؟

ئەگەر بە وردی لە ڕستەی یەکەم وردبینەوە دەبین بە بەکارهێنانی (نەتزانیوە) دەیەوێت زوتر بەئەنجام بگات، ناڕاستەخۆ دەڵێ تۆ کوشتوتە. بەڵام ڕستەی دووەم دەکرێ وەڵامەکەی ئەرێ یان نەرێ بێت. کۆمەڵێك پرسیاری تری وەك (بۆ کوشتت؟ ئەگەر تۆ نەتکەتکوشتوە، ئەو دەمانچە چی بوو بەدەستەوە؟ پەیوەندیتان چۆن بوو؟...هتد)

**14.2.2: گۆڕانی واتا بەپێی گۆڕینی لقەکانی یاسا:**

زمانی یاسایی بەوە لە زمانە پسپۆڕییەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، کە زاراوەکانی چەند واتایەک هەڵدەگرن، زۆرجار واتای زاراوەیەك لەکاتی گواستنەوەی لە لقێکی یاساوە بۆ لقێکی دیکە دەگۆڕرێت، بۆ نمونە: زاراوەی (ڕێککەوتن) لەیاسایی سیاسی، واتە پێکهاتن و نەمانی گرژی لەنێوان لایەنە سیاسییە کێشەدارەکان (ئەرێیە). بەڵام (ڕێککەوتن) لە بواری تاوانکردن واتە ڕێککەوتنی چەند کەس و تاقمێك بۆ ئەنجامدانی تاوانێك (نەرێیە)، چونکە ڕێککەوتن بۆ ئەنجامدانی تاوانێك .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(لێدان) لە یاساکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان، واتە نەچونی خوێندکار بۆ دەوام لەکاتی یاسایی دەوامدا (ـ بەرجەستە)، بەڵام (لێدان) لە یاسایی باری کەسی، واتە لێدان جا لەلایەن کەسێکی ترەوە بێت، یان بەهۆی ئامراز و ئامێرەوە بێت (+ بەرجەستە)، سزای هەریەکە لەمانەش جیاوازە، بۆ نمونە لەوانەیە بۆخوێندکارێك شکاندنی نمرە یان دوبارە نەکرنەوەی وانەکە، یان دورخستنەوەی لەخوێندن بێت، بەڵام لە یاسای باری کەسی، سزاکەی بەپێی جۆری لێدانەکە لەوانە پێبژاردن یان بەندکردن بۆ ماوەی چەند (ڕۆژێك، مانگێك، ساڵێك) بێت.

### 15.2.2: گرنگیدان بە سەرتۆپکردن:

دەقی هەر یاسا، پرۆژە یاسا، ڕێنمای، بەیاننامە، پەیرە و بڕیارێك بەسەر تۆپێك دەستپێدەکات، کە لە ڕێگەیەوە دەزانین ناوەڕۆکی برگە و ماددەکانی ئەو یاسایە دەربارەی چین، بۆ نمونە: (یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2007 یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ڕێنمای ژمارە (1)ی ساڵی 2016 وەزارەتی پەروەردە، بەیانی ژمارە (16، 18، 19)ی ساڵی 2016 وەزارەتی تەندروستی، پەیرەوی ژمارە (14)ی ساڵی 2022 پەیرەوی ئەنجومەنجی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) .

گرنگیدان بە بابەتی تۆپیککردن، جا بۆسەرە بابەتی یاسا و پرۆژە یاسا و بڕیارەکان بێت، یان لە سنوری ڕستەی ناو یاسا و بڕیارەکان بێت، سیستەمی ڕێزمانی ڕیزبونی کەرەستەکان دەبەزێنێت ئەو وشەیەی کە بەلایەوە گرنگترە و مەبەستیەتی دێنێتە سەرەتای ڕستەکە. بۆ نمونە: ((پاش ناونانی لەیلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری))، (یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2014، یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان، مادەی یەکەم)

کرداری ڕستەکە پێوستە لە کۆتاییدا بێت، چونکە لە زمانی کوردیدا ڕیزبونی کەرەستە بەشێوەی (بکەر + بەرکار + کردار)ە، بەم جۆرە (پاش ناونانی لەیلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری ڕادەسپێردرێت). بەڵام کرداری (ڕادەسپێردرێت)، بەمەبەستی سەرنجراکێشان بۆ بارێکی دیاریکراو پێشخراوە.

### 16.2.2: بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی کۆن:

زمانی یاسایی ژمارەیەکی زۆر وشەگەلی کۆنی تێدایە، کە پێشتر لە زمانی باو و ڕۆژانەدا بەکارهاتون، بەڵام بە تێپەربونی کات، وشەی دیکە جێگەی گرتونەتەوە و بەکارهێنانەکەیان بەسنورداری لە سنوری یاساییدا ماوەتەوە. بۆ نمونە وشەی (قەواڵە) کە لە زمانی یاسادا بەکارهێنانی زۆرە، بەڵام لە زمانی ئاساییدا زیاتر بەکارهێنانێکی ئیدیۆمی وەك: (کە زۆرهات، قەواڵە بەتاڵە.)دا دەردەکەوێت (رەئوف، 2021: 34). لێرەدا پێوستە ئەوەش بڵێین ئەمە واتای ئەوە نییە، کە زمانی یاسا لە پێشکەوتن و داهێنان دابڕاوە، بەڵکو بەردەوام خەریکی خۆ نوێکردنەوەیە و داهێنانی زمانەوانی و هاتنە ناوەوەی هەندێك وشە و دەستەواژەی نوێیە، کە هاوکاتە لەگەڵ پێشکەوتنە و نوێباوەکان. بۆ نمونە ئەو وشەو دەستەواژانەی بە پشت بەستن بە داهێنراوە تەکنەلۆژییەکان هاتونەتە کایەوە، وەك: (یاسای خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، یان یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن, ...هتد), واتە ئەو وتەیەی دەڵێت: (زمانی یاسایی توند و کۆنەپارێزە) ڕێژەییە .

### 17.2.2: بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕێزگرتن، پۆزش، دەستکەوتی:

لەگەڵ ئەوەی زمانی یاسایی زمانێکی بڕیاردەرە، بەڵام ڕێگەدەدات بە بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕێزگرتنی وەکو: (جەنابی سەرۆك، دادوەرانی بەڕێز، سوێندخۆرانی بەڕێز)، هەروەها دەستەواژەی پۆزش هێنانەوە، وەکو: (لە دادگا دەخوازین، بە مۆڵەتتان) و دەستەواژەی دەستکەوتی وەکو: (دانیشتنەکە کراوەیە، دادگا بڕیاری دا)، (ناصر الشویرخ, 2017, 121) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 18.2.2: گرنگیدان بە زمانی جەستە:

زمانی جەستە گرنگی تەواوی هەیە بۆ خوێندنەوەی ناخ و لایەنی دەرونی کەسی بەرانبەر، ((زمانی جەستە کۆدێکە لە کۆدە دەربڕاوەکانی نێو کۆدە نازارەکییەکان لە زماندا, پەیام و زانیاری گرنگ دەگەیێنێت, لە ڕێی ڕوخسار و جوڵەی لەشەوە)), (مینە، 2004: 26). سپی هەڵگەران، سوربونەوە و ڕەنگ زەردی، جوڵەی سەرو شان و مل, یان جوڵەی دەست و لاق، چاو و برۆ, شێوازی دانیشتن و ڕاوەستان و ڕۆیشتن ...هتد, کۆمەڵێك زانیاری لەبواری زمانەوانیی یاساییەوە دەدات، کە دەکرێ ببێتە بەڵگە بۆ یەکلاییبونەوەی تاوانەکە (لەبەرئەوەی زمانی جەستە بەشێکە لە مۆری زمانی و ڕۆڵی هەیە لە ئاشکراکردنی تاوان و ناسینەوەی تاوانبار، یان بە پێچەوانە بۆ سەلماندنی بێ تاوانی گومانلێکراو. چونکە کاتێك گومانلێکراو لێدوان بۆ لێکۆڵەر دەدات، لە ڕێگەی ڕوخسار و جوڵەی ئەندامەکانی جەستەوە زانیاری دەدات),(Fast, 1997: 76) , وەك: (دودڵی و دڵەڕاوکێ، متمانەبەخۆبون، ڕاستگۆی و درۆکردن، هەڵخەڵەتاندن، خۆبێبەریکردن، خۆبەدەستەوەدان، ...هتد). بۆیە دەتوانین بڵێین لە بواری یاسادا زمانی جەستە هێندەی زمانی قسەکردن گرنگە. دەتوانین بڵێین زمانی جەستە باوەڕپێکراو ترە لە زمانی قسەکردن، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەی کە بەتەواوی هەست و سۆز و ناخی کەسەکە تێکەڵ بە وێناکردنەکە دەبێت.

زانای ئەمریکی (ئەلبێرت میهرابین) ئەوەی دۆزیوەتەوە، کە کۆی گشتی کاریگەری پەیوەندیەك لە٧٪ بەهۆی وشەکان، ٣٨٪ لەڕێی تۆنی دەنگەوە و ٥٥٪ بەهۆی زمانی جەستەوەیە، کە کاریگەری لەسەر ڕاوبۆچونی کەسی بەرانبەر و گوزارشت لەسەر ڕاو بیروبۆچون و کاردانەوە دەرونییەکان دەکات (Allan, 2004: 43), بۆیە دادگاکانی جیهان گرنگییەکی زۆر بە زمانی جەستە دەدەن. بۆچونێکی (جۆی ناڤارۆ) هەیە دەیخەینەڕو، کە لە ڕاپرسی و توێژینەوە پێی گەیشتووە و دەڵێت: ((کاتێك لەناو دادگاکاندا ڕاپرسی و توێژینەوە دەکەم، یەك شت زۆر بەدیدەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەندامانی دەستەی سوێندخۆران خۆشییان بەو پارێزەرانە نایەت، کە خۆیان لە پشتی مێزەکان دەشارنەوە. ئەندامانی دادگا دەیانەوێت دەستی پارێزەرەکان ببین بۆ ئەوەی بە دروستی پێوانەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان بکەن، هەروەها ئەم ئەندامانە ئەو شایەتحاڵانەیان بەدڵ نییە، کە دەستیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەشارنەوە و بەشێوەیەکی نەرێنی لێکدانەوەیان بۆ دەکەن، پێیان وایە شایەتحاڵەکان درۆ دەکەن. ئەو بۆچون و لێکدانەوە لەلایەن ئەندامانی دادگاوە گرنگی خۆی هەیە))، (ڕەئوف: 2021: 108) .

## 3. دەرئەنجامەکان:لەم توێژینەوەیەدا بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

1ـ هەرچەندە هەموو زانستێك لە ڕوی بابەت و ڕێبازەوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لە بابەتە مەعریفییەکان و بواری زاراوە و چەمکەکان و سەرچاوەکانیان، چەند شتێکی هاوبەش هەیە، زانستەکان لە ناوەڕۆك و کارکردندا، دەچنە ناویەك و ئەرکی هاوبەشیان هەیە.

2ـ زمانەوانیی یاسایی بەو پێیەی شیکردنەوە لە ڕێگەی زمانەوە بە یاسا دەبەخشێت, واتە زانستێکە لەنێوان هەردوو بواری زمانەوانی و یاسادا نێوەندگیرە, زمانەوانی لە ڕێگەی میتۆد و تیۆرە زمانییەکانەوە لایەنە ئاڵۆز و ناڕونەکانی بواری دادگا و یاسا ڕوندەکاتەوە.

3ـ زمانی کوردی لە بواری یاسادا خاوەن سروشتێکی پێوانەیی و پابەندکەر و تەکنیکییەوە.

4ـ پێوستە یاسادانەران  بە ڕێساکانی زمان و ڕێنوس و خاڵبەندیەوە پابەندبن، چونکە چۆنیەتی نوسین، زۆرجار واتا دەگۆڕێت.

5ـ زمانی یاسایی زمانێکی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕییە، کە سروشتی بەدەستهێنانی هەیە.

6ـ زمانی یاسایی زمانێکی بڕیاردەرە، نەك زمانێکی ئاسایی و ئەتەکێتی, و  پەیڕەوی شێوازی فەرمی دەکات.

7ـ گرنگیدان بە بابەتی تۆپیککردن، جا بۆسەرە بابەتی یاساو پرۆژە یاسا و بڕیارەکان بێت، یان لە سنوری ڕستەی ناو یاسا و بڕیارەکان بێت، زۆرجار  سیستەمی ڕێزمانی ڕیزبونی کەرەستەکان دەبەزێنێت و وشەی مەبەست دێنێتە سەرەتای ڕستەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4.سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

1ـ ئەحمەد، کەلسوم خالید (2016) تاوانی زمانیی لە کۆمەڵگای کوردیدا "دادگاکانی شاری هەولێر بە نمونە"، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

2ـ جامباز، تاریق (2014) بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

3 ـ ڕؤوف، سؤما جەمال (2021) پەنجەمۆری زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

4ـ سەعید بەرزنجی (1989) تیۆری گشتی یاسا، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

5ـ شابا، کۆدۆ (2019) ڕاستنووسی، چاپخانەی ڕۆکسانا، چاپی یەکەم، هەولێر.

6ـ فەرهادی، ساجیدە عەبدڵڵا (2013) زمانەوانی دادوەری و شیکردنەوەی چەند دەقێکی دادوەری، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (29)، 5ـ 42.

7- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (2021) زمانی یاسا، ئاریشە و چارەسەر "پەرلەمان و دامەزراوە دادوەرییەکان بە نمونە" گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەرگی چوار ژمارە (1) 84 ـ90 .

8ـ مینە، محەمەد ئەمین حەسین (2004) زمانی جەستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێنە، هەولێر.

9ـ محمدامین، هاژە چیچۆ (2015) دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

10ـ مەحمود, ئاڤێستا کەمال (2015) ڕاڤەکردنی تاوانەکانی زمان لە چێوەی پەیپێبردنە زمانییە ـ دادوەرییەکاندا, گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(5) ، 325ـ 365

11ـ یاسین، عزالدین عبدالله (2012) کۆمەڵە یاساکانی ڕاژەی زانکۆیی و موچەی فەرمانبەران و خانەنشینی یەکگرتوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

12ـ یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2007 یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێڕاق.

13ـ یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە 1/1/ 2014 تا 31/ 21/ 2014، بەرگی حەڤدەم، چاپی یەکەم.

14 ـ ڕێنمای ژمارە (1)ی 2022 پەیڕەوی ئەنجومەنجی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان ـ عێڕاق.

15ـ وەقایعی کوردستان، 22/ 7/ 2022: ژمارە 285.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

16ـ الشيخلي، عبدالقادر (2014) الصياغة القانونية، دار الثقافة عمان الاردن، ط 1.

17ـ أرسلان, زكريا (2016) اللغة النحوية العربية القديمة قضايا ابسيمولوجية ومصطلحية, دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان، ط1.

18ـ بيومي، سعيد أحمد (2010) لغة القانون في ضوء علم النص, دراسة في التماسك النصي، دار الكتب القانونية، القاهرة، ط1.

19ـ طه, عبدالرحمن (1993) تجديد المنهج في تقويم التراث، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

20ـ جاك لوسركل, جان (2005) عنف اللغة، ترجمة: محمد بدوي، المنظمة العربية للترجمة، توزيع مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت, ط1.

21ـ زكي عربي (1990) لغة الأحكام والمرافعات الكتاب الذهبي للمحاكم, مصر, ط2.

22ـ عباس, إحسان (1983) مراتب العلوم لابن حزم الأندلسي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط 1، 89/4.

23ـ مرسي, أحمد فتحي (1989) محاضرات في الأدب القضائي, المركز القومي للدراسات القضائية.

24ـ محاسنة، نسرين سلامة (2015) مهارات البحث و الكتابة والقانونية، ط الاولى، دار المسيرة.

25ـ مروش, زغدودة ذياب (2019) اللغة العربية في الحقل القانوني ـ المحور السابع عشر، المؤتمر الدولي الثامن للغة العربية, 11 ـ 13 ابريل 2019, 160 ـ 169, جامعة الحاج لخضر باتنه ـ 1ـ الجزائر.

26ـ ناصر الشويرخ, صلاح (2017) قضايا معاصرة في اللسانيات التطبيقية، دار وجوه للنشر والتوزيع، الرياض، ط1.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

27-Allan, Barbara Pease (2004) The Definitive Book of Body Language, Printed in Australia by McPherson's Printing Group.

28- Alan, Durant & Leung, Janny (2016) Language and Law, a resource book for students, London.

29- Cornu, Gérard (2000) Linguistique juridique, Montchrestien, 2ed, Paris.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

30- Cornu, Gérard (2005) Linguistique Juridique, 3 emeedition, Paris, Montchrestien.

31- Coulthard, Malcolm & Johnson, Aak (2010). A Handbook of Forensic Linguistics, Language in Evidence, London, Routledge.

32- Goodrich, Peter (1984) Legal Discourse Studies In Languistics, Rhetoric and Legal Analysis, University of Edinburgh.

33- Gibbons, John (2003) Forensic Linguistics: an introduction to language in the Justice System. Blackwell.

34- Garner, Bryan (2011) Black's Law Dictionary Paperback, Fulfilled by Amazon.

35- Heydon, Guest (2014) "Forensic Linguistics, Forms and Processes", Masyarakat Linguistik Indonesia 31(1): 1–10.

36- Katharina, Reiss (2003) La critique des traductions, ses possibilités et ses limites, trad de l'Allemand par C. Bocquet, Artois presses Université, collection Traductologie, France.

37 -Levi, Judes (1994) Language as evidence, the linguist as expert witness in North American Courts, International Journal of Speech Language and the Law 1 (1), 1 – 26.

38- Labov, William (2003) Language Variationand Change, Rutherford, NJ (USA).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

39- Maley, walsh (1994) "The language of the law", in John Gibbons (ed.), Language and the Law, London, Longman, 246–269.

40- McMenamin, Gerald (2002) Forensic Linguistics Advances in Forensic Stylistics, Taylor & Francis Group.

41-Olsson, John (2008) Forensic Linguistics, Second Edition, An Introduction To Language, Crime and the Law 2nd Edition, London.

42- Shuy, Roger (1993) Language Crimes, Blackwell Publishers.

43-Shuy, Roger (1997) Ten unanswered questions about Miranda. International Journal of Speech Language and the Law 4 (2) 175-196

44-Shuy, Roger (2001) "Discourse Analysis in the Legal Context", In The Handbook of Discourse Analysis. Eds. Deborah Schiffrin, Deborah Tannen, and Heidi E. Hamilton, Oxford, Blackwell Publishing. pp. 437–452.

45- Fast, Julius (1997) Body Language, Pan Books, London and Sydney.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The nature of language in the legal field - Kurdish language as an example

**Shadan Shukr Sabr**
Dartment of Kurdish, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
shadan.shukr@koyauniversity.org

**Rozhan Noori Abdulla**
Dartment of Kurdish, Faculty of Education, Koya University Koya, Kurdistan Region, Iraq
rozhan.noori@koyauniversity.org

**Abstract:**
The current research focuses on forensic linguistics with a particular focus on forensic linguistics in the Kurdish language. Forensic linguistics has its own features and terms different from those used in daily or academic discourses, which are discussed in this research. The current also attempts to study the degree to which lawmakers pay attention to the language when drafting a law because understanding the law is subjected to understanding the language used in writing the law. The research found that the language of the law is measurable, detailed, and specific. The research also found that in order for a law to be enforced and followed, lawmakers, or anyone who is dealing with laws, need to follow the rules of language and be familiar with the rules of language. The research also shows because language is governing the laws, the rules of language, especially forensic linguistics must be clarified and followed.

**Keywords:** *The relationship between language and law, Concepts and definitions of legal linguistics Kurdish Language in the field of law, The nature of legal language, Characteristics of Forensic language*

---

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# طبيعة اللغة في المجال القانوني - اللغة الكوردية انموذجا

**ملخص:**

هذه الدراسة محاولة للتعرف على طبيعة اللغة الكوردية في المجال القانوني، وللوصول إلى النتائج المرجوة قامت الباحثة بتوظيف اللغة الكوردية كانموذج للتنظير الوصفي التحليلي.

تختلف اللغة القانونية بطبيعة خاصة، حاولت الدراسة بيان هذا الجانب من اللغة القانونية، لأن للغة استعمالات خاصة في المجالات المختلفة في الأوساط الأكاديمية والعلمية، مثل اللغة القانونية التي هي لغة خاصة ومميزة، تتميز بلهجاتها ودلالاتها، وتوضح مدى التزام المقنن والتشريعي بالأسس اللغوية وقوانينها،لأن القدرة على استلال وفهم النصوص القانونية تقع تحت وطأة الأسس اللغوية.

ومن أبرز النتائج هي: إن لغة القانون لغة دقيقة وتشخيصية ولها طبيعة معيارية، ولتحقيق الحقوق وتنفيذ الوظائف يجب على المشرع أو أي شخص آخر الذي يتعامل مع النصوص القانونية أن يراعي الأسس اللغوية ويهتم بها، لان في النص القانوني إذا راعى المشرع القواعد اللغوية وقوانين اللغة فيصل الى الهدف بشكل كامل، لأن اللغة منظمة ومنفذة للنصوص القانونية وتبنى عن طريقها أيضا، وبما أن اللغة القانونية تبحث عن الآوصر التي تربط اللغة بالقانون وكيفية استعمال اللغة لذلك تناقش المشروع القانونى.

**الكلمات المفتاحية:** العلاقة بين اللغة والقانون، مفاهيم وتعريفات اللغويات القانونية، اللغة الكوردية في المجال القانوني، طبيعة اللغة القانونية، خصائص اللغة القانونية.